# نامەیەك بۆ پیاوە بێ ویژدانەكان

**دیار غەریب**

لەم ڕۆژانەدا هەڤاڵ ڤیان"لەیلا والی حسێن" كە كچە گەریلایەكی هێزی پاراستنی گەل"HPG" بوو و خەڵكی سلێمانی بوو لەچیای "هەفتانین"ی سەر سنووری باشوور و باكووری كوردستان لە چالاكییەكی گیانبازیدا خۆی كردە قوربانی بۆ دۆزی ڕەوای گەلەكەی. لێرەدا من نامەوێ باس لە چالاكییەكە بكەم, بەڵكو دەمەوێت باس لە خوێندنەوەی هەندێ كەس بكەم بۆ ئەم چالاكییە.

ئاسۆ بیارەیی, لە نووسێنێكدا بەناوی "شانازیكردن بە مەرگی مرۆڤێكەوە تاوانە" كە لەسایتی "http://www.kurdistanan.com " بڵاو كرابووەوە, باس لەوە دەكات كە د.فایق و پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان بازرگانی و سیاسەت بەسەر خۆسووتاندنی كچانەوە دەكەن، هەروەها باس لەوە دەكات كە پەروەردەی ئاپۆ و فشاری ڕێكخستن ناچارییان كردووە كە خۆی بسووتێنێ و دەگاتە ئاستێك كە وێنەی كچێكی ماڵ چۆن خۆی دەستووتێنێ لێكیدەداتەوە و لەبەرامبەر ئەمەش ئاپۆ و ڕێكخستنی hpg تاوانبار دەكات. ئاشكرایە هەر هەڵسەنگاندێك زادەی ئاستی ڕۆشنبیری و كولتوورییە، هەر كەسێكیش بەگوێرەی توانا و ئاستی تێگەیشتن و ویژدانی خۆی دیاردە و ڕووداوەكان هەڵدەسەنگێنێت، "ئاسۆ بیارەیی"یش بەگوێرەی توانا و ویژدانی خۆی ئەم ڕووداوە هەڵدەسەنگێنێت.

من نازانم ئەم بەڕێزە نامەكانی شەهید"ڤیان"ی خوێندووەتەوە؟! ئایا دەزانێ هەڤاڵی شەهید لە چ ئاستێكدا بووە؟ بەرپرسیار، یاخود شەڕڤانێكی سادە بووە؟! یاخود لەمانە زیاتر ئەم بەڕێزە چەندە ئاگاداری دیرۆكی گەلان و تێكۆشانی ئازادییە؟! من لەو باوەڕەدام نامەكانی شەهید"ڤیان"ی نەخوێندووەتەوە، چونكە شەهید خۆی دەڵێت؛ ئەم چالاكییەی من وەك ئینتیحاری ئەو ژنانە نییە كە لە بێزاری و بێچارەییەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵكو چالاكییە لەپێناو ئەشقی ژیان و پێشخستنی زیهنییەتی چالاكی ئازادیدایە و درێژەپێدەری نەریتی بەرخۆدانی ژنانی وەك "لەیلا قاسم، زیلان و سەما یوجە"كانە. هەروەها ئەم بەڕێزە ئاگادارنییە كە شەهید ڤیان لەئاستێكی بەرزدا بەرپرسیار بووە، بێگومان ئەمەش ئەو دەرفەتەی دەداتێ گەر بخوازێت چەندین كەس بنێرێت بۆ چالاكی و خۆیشی چۆنی بوێت وەها بژی، هەروەها ئاستێك ڕۆشنبیری و كەسایەتی شەهید لە ئاستێكدا نەبووە كە بە چەند وتارێك گەرم بكرێت یاخود گەرم ببێت و بچێت چالاكی ئەنجام بدات، بەڵكو لەو ئاستەدایە كە وەك فەرماندەیەك هەست بە پێویستییەكانی ئەم قۆناخەی ڕەوشی كوردستان و ڕێبەر ئاپۆ دەكات و لەكاتێكدا هەست دەكات كە ناتوانێت بگاتە جێگەیەكی هەستیاری دەوڵەت كە بوركانی ناخی خۆی پێدا بتەقێنێتەوە، ئەوا بەمشێوەیە چالاكییەكەی خۆی ئەنجام دەدات، گومانم نییە كە كاك ئاسۆ یان هیچ زانیارییەكی لەسەر تێكۆشانی گەلی كوردستان و میللەتانی تر نییە، یان زۆر بێ ویژدانانە سەیری ڕێبەر ئاپۆ، بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئاپۆچێتی و شەهید ڤیان و چالاكییەكەی دەكات. ئەگەر زانیاری هەیە، دەبێت ئەو ڕاستییە ئاگادار بێت كە زۆر كەمن ئەو كەسانە، بەتایبەت ئەو فەرماندانەی كە ئامادەن خۆیان بەخت بكەن لەپێناو دۆزێكدا و ئەوانەشی كە ئەم ئەركەیان جێبەجێكردووە لای جەماوەری خۆیان شایستەی ڕێزبوون.

بەداخەوە هەر وەك چۆن مامۆستا گۆران فەرموویەتی

" بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتكار
وەك عەكسی قەمەر وایە لەناو حەوزێكی لیخندا"

بەشێكی زۆری تاك و كۆمەڵگای ئێمەش ئەوەندە لە بەها مۆڕاڵییەكان دووركەوتوونەتەوە كە واتادان بەژیان، ڕووداو و دیاردەكان نەماوە یان زۆر چەواشە كراوە، هەر بۆیە كاك "ئاسۆ"ش ئەم چالاكییە بەمشێوەیە دەخوێنێتەوە. ئەوەی من تێدەگەم و ئاگادارم نە ڕێبەر ئاپۆ و نە PKK و نە پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستانیش هانی كردەوەی بەمشێوەیەی نادەن، وەك و ئەو بەڕێزە باسی دەكات، بەڵام گومانی تێدانییە وێنەی كاك "ئاسۆ"ش ئەو چالاكییە ناخوێننەوە و وێنەی ئینتیحاری كچانی تر سەیری ناكەن و ڕێبەر ئاپۆ و ڕێكخستنەكەی تاوانبار نابینن، بەڵكو هەر وەكو خۆی دەڵێت تاوانبار دەوڵەت و دەسەڵاتە زۆردارەكان و ئەو سیستەمەیە كە نە ناسنامەی كوردێكی ئازاد، نەناسنامەی ژنێكی ئازاد پەسەند دەكات لەبەر ئەمەیە دەڵێن؛ بە ئاگری جەستەم دەمەوێ پەیامێك بدەمە مێشك و دڵی سەهۆڵبەندی شارستانییەتی كۆمەڵگای چینایەتی و وەك زۆر مرۆڤی دیكە لە دادگای مێژوودا ببمە شاهیدێك بۆ ڤیڕاندن و ئیشارەت پێكردنی زۆرداری و درۆزنی سیستەمی داد و ماڤی مرۆڤی ڕۆژئاوا. هەروەها شەهید دەڵێت گەورەترین چالاكی خودی سۆز"گوتن"ە، بەڵام كاتی گوتنیش واتای خۆی ونكرد، بزان كە خەفڵەت هەیە، بێ ویژدانی هەیە، دارووخانێكی ئەخلاقی هەیە. ئاشكرایە كە ئەمڕۆ لە كۆمەڵگای باشووری كوردستاندا لەلای زۆربەی ڕۆشنبیر و كۆمەڵگا نەك "گوتن"بەڵكو خودی "ژیان" خۆی واتای نەماوە، هەر بۆیە ئاساییە كە غەفڵەت و بێ ویژدانی و داڕووخانی ئەخلاق درووست ببێت، هەڵسەنگاندنی بەو شێوەیەش ئەنجامبدرێت كە بەهای ئەخلاقی نەبێت و بێ ویژدانانە بێت. هەر بۆیە داوا دەكەم كاك ئاسۆ بەسنگێكی فراوان و هەستێكی مرۆڤانە و بەویژدانەوە نامەكانی شەهید بخوێنێتەوە و دوور لە هیچ پاڵنەرێكی سیاسی چالاكییەكەی شەهید "ڤیان" و پاڵنەرەكانی هەڵسەنگێنێ و بیانكاتە وانە بۆ خۆی و كۆمەڵگا.